پارێزگاری دهۆک: داوا لە چەکدارانی پەکەکە دەکەین ئەو گوند و شاخانەی کە ئێستا تێیدا جێگیرن چۆڵی بکەن



عەلی تەتەر، پارێزگاری دهۆك ڕایگەیاند، بەهۆی شکستکانی پارتی کرێکارانی کوردستان و تورکیا نزیکەی 30%ی گوندەکانی پارێزگاکە وێران کراون و چۆڵکراون، بۆیە داوای لە چەکدارانی پەکەکە دەکەن ئەو گوند و شاخانەی چۆڵ بکەن بۆ ئەوەی دانیشتوان بتوانن بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان و دەست بە ژیانی ئاسایی خۆیان بکەنەوە.

عەلی تەتەر، پارێزگاری دهۆك ئەمڕۆ پێنجشەممە لە کۆنگرێسێکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند، "بەهۆی ململانێی چەکداریی نێوان پەکەکە و سوپای تورکیا، پارێزگای دهۆك زۆرترین زیانی بەرکەوتوە و نزیکەی 30%ی گوندەکانی پارێزگاکە وێران کراون و بێتواوی چۆڵکراون، هەی سەرکی نگرانەوی دانیشتوانیش بۆ ناوچەکانیان سیاستکانی پەکەکەیە".

ئاماژەی بۆشکرد، داوا لە چەکدارانی پەکەکە دەکەین ئەو گوند و شاخانەی کە ئێستا تێیدا جێگیرن، چۆڵی بکەن بۆ ئەوەی دانیشتوانەکەی بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان و دەست بە ژیانی ئاسایی خۆیان بکەنەوە.

پارێزگاری دهۆك باسی لەوشکرد، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئێستاوە دەستی کردوە بە جێبەجێکردنی

ژمارەیەك پێژەی ئاوەدانکردنەوە لەو ناوچانەی کە زیانیان بەرکەوتوە، لەوانەش قیرتاوکردنی ڕێگای گەلیی باشندە کە بەرەو ناوچەکانی نەروە و ڕێکان دەڕوات، جگە لە تەواوکردنی ئەو پێژانە کە دەکەونە بناری چیای گارە و چیای مەتین.